بە ناوی کوردستانی گەورە !

# تراژێدیای چەند بەرەکیّ بوون (نیفاق) لە نێو کورد دا

ح. س. سۆران
2003/7/30
soran909@hotmail. com

بەم تام و بۆنەی لە کن قەترانە هەنگوین و کالەک گورچکبڕترە
سۆران! دۆستی خۆت لۆمەی حەق بکە تانەی دۆست لە تیغ دوژمن دڕترە

گشت کەس دەزانێ، هیچ شتێک بێ هۆ نیە. بۆ وێنە ئەگەر ڕەوڕەوەی ژیانی رامیاری و کۆمەلایەتی گەلی لێ هاتو و تێکۆشەری کورد، لە کاروانی مێژو وەدواکەوتوە، پەتا و هۆی خۆی بوە، شتێکی بە گۆترە هەلکەوتو نیە.

ئەمەش روونلکە، کە هەتا پەتایەک نەناسین، ناتوانین دەرمانی بۆ لەبەرچاو بگرین و چاکی بکەینەوە، تەنانەت رەنگە خودای نەخواستە رۆژبەرۆژیش درمەکە خراپتر ببێ.

دیارە ناتوانین بلێین کە، پەتای دەردە کورد هەر هۆیەکی هەیە. بەلام بە پێی تاقیکاری، زۆرمان بۆمان سەلماوە، کە گرنگترین هۆ و میکرۆبی دەردە کورد، تراژێدیای (تراژێدی) چەند بەرەکێ بوونە.

ئەرکی سەرشانی هەمووعانە، بۆ دەرمانی پەتای کەسکونی چەند بەرەکێ، تێ بکۆشینە ؛ کە منیش خۆم لەم ئەرکە بە کل نازانم. هەر لەم ئاستەدا، ڕووداوێکی سەداوسەد راستەقینەتان بۆ دەگێرمەوە، کە شانۆیەکی چکۆلە بەلام سەمبۆلیکە لەم بارودۆخە ناشیرینە و بەتەمای ئەوەم بە گێرانەوەی ئەم شتە – بە بێ دڕاندنی پەردەی کەسایەتی کەس و ڕەت بوون لە دیواری ئەدەب – بتوانم بە نیشاندانی ئەم شتە نا جوانە، جوانی ڕووەکەی دیکەیتان باشتر نیشان بدەم، بەشکو ببێتە نەختالێک لە دەرمانی ئەم دەردە کوردە :

لەم سالانەی زۆر دوایی دا، بریار بو لە خزمەت شاندێکی کورد، کە پێکهاتبو لە رووناکبیرانی پایەبەرز و ریزداری خۆمان، بچین بۆ کوردستانی ئازاد. گشتمان، لە کاتی دیاریکراودا، لە یەکێک لە شارەکانی سەر سنووری داتاشراو، یەکمان گرتەوە. نزیکەی پەنجا کەس بوین، کە زۆربەیان، بێجگە لە من بە لای کەمەوە، خاوەنی هونەر و کەمالێک بوون، بە کورتی بلێم، ئەو کەسانە بۆ ئەم شاندە هەلبژێرابوون و منیش وەک هەمیشە، بە گۆترە کەوتبوومە نێو لیستەکەوە.

ئەم پەنجا کەسە، دو رۆژ لەو شارە ماینەوە. بە سەرسووڕمانەوە، سەرنجم دا کە ئەو پەنجا رێزدارە خۆشەویستەم، چوار پێنج تاقمی چەند بەرەکێی جیاوازن .

لەبەر ئەمە کە بەداخەوە من نزیکەی سی و پێنج سالی رەبەقە لە کوردستانی خۆشەویست شارەودەبووم و هەم، لەوێ نەماوم و بگرە بەێنێکی زۆر هەرلە ئوروپاش بووم، زۆر سەرم دەرنەچو بۆچی ئەم خۆشەویستانەم، لە قسەکردن، هەلسوکەوت و تەنانەت لە بەیەکەوە وێستانیش دا، چەند تاقمن. پرسیارم لە یەکێک لە هاوسەفەران کرد و هۆی ئەم کارەم پرسی، ئەو بەرێزە وتی چون تۆ زۆر لەمێژە لە ناوچەی کوردەواری نی، نازانی چیە، ئەم خۆشەویستانە چەند تاقمی جیاوازن و یەکتریان بەو چەشنە قەبوول نیە.

بەداخەوە، هەر چی زۆرتریش لەو شارە دەماینەوە، ژمارەی تاقمی جیاواز زۆرتر دەبو، بە چەشنێکی وا کە لە دلمدا دەموت ئەگەر حەوتەیەک بەیەکەوە بمێنینەوە، ئەم پەنجا کەسە دەبینە پەنجا تاقم، یانی کەس کەسی قەبوول نابێ.

وای لــێ هــات، ئەوانــەی کە لە کوردستان، لە خانەخوێ خاوەنماڵ ترن، فەرموویان لەبەر نازانم چی و چــی و ...و لــەم بارودۆخــە نــازانم چــیەدا, نابــێ ئەم سەفەرە بکەن. جا، ئەگەر ئەم پەنجا کەسە هەر تاقمــێک بوویــنایە و یەک قسە و یەک ڕەنگ و یەک دەنگمان ببوایە، دڵنیام پامان دادەگرت و ئەو سەفەرە پــیرۆزە پێویستە بێ زەرەرەمان هەر دەکرد، بەڵام ئەگەر برا لەپشت برا نەبێ ... جا، سەفەرەکە شێوا و بــە قەولی دایە پیرە: کاڵەم دڕا، هیچم پێ نەبڕا! ئەمە وێنەیەکی زۆر چکۆلە بو، لە بەرهەمی تڕاژێدیای چەن بەرەکێ.

خۆشەویســتان! گــەلی کــورد زۆر لەمێــژە، ژیانی عەسری دار (شەجەر)، بەرد (حەجەر) و شوانی بەجێ هێشــتوە و ئێستا لە باژارۆکی چکۆلەی جیهانی دا، لە لە سەر تۆڕی ئینتێرنێت و لە گۆڕەپانی مانیتۆری کامپیوتێــردا، وەک زانایــەک دەژی. ئایــا ئــیدی کــاتی ئەوە نەهاتوە، بە لای کەمەوە، ڕووناکبیرەکانی کورد، خۆیان بە دژی یەکتر نەزانن، بەڵکە بە چاوی ئەستێرەگەلێکی ڕووناکی کاکەشانی گشتی ئاسمانی کــورد تەماشــای یــەک بکــەن، کــە هەر کام تیشکی تایبەتی خۆی هەیە و کوژانەوەی هیچ ئەستێرەیەک، نابێتە هۆی بەشەوقتر بوونی ئەستیرەیەکی دی؟.

بــە بــڕوای مــن، پێویســتە گشــتمان ئــەم یاســایەمان قەبووڵ بێ، تەنانەت رامیارە ڕێزدارە کانیشمان و بــزانین، کــە کــوژاندنەوەی ئەســتێرەی کەســا یەتی یەکتر، بێجگە لە تاریکتر کردنی ئاسمانی ژیانی کورد، کارێکی دیکە ناکا. لەگەڵ ڕێزی بێ پڕانەوە بۆ تەواوی ئەو هاوشاندانەم، بە هیوام ئەم لۆمەیە، بە شتێکی پێویستتر لە دەرمانی شێرپەنجە بزانن، نەک بۆڵە و خوتەیەکی ئاسایی.

بە هیوام، لە دەورووپشتی ئێوە درمی چەند بەرەکێی ناپێویستی پڕمەترسی نەبێ و لە ریشەوە فەوتابێ؟

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچوونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org